
# گۆێت لە بلوێر بێ

نووسەر : حەسەنی تهرانی
وەرگێڕ : عوسمانی ئەحمەدی
نەققاش : ک. تالەقانی



# گوێت لە بلوێر بێ

نووسەر : حەسەنی تهرانی
وەرگێڕ : عوسمانی ئەحمەدی
نەقاش : ک. تالەقانی

مه كوى راهينانى هوش و بيرى منالان و، لاوان
تاران شه قامى ئوستاد موته هه رى، شه قامى فجر، شه ماره ى ٣٧
چاپى يه كه م، ١٣٦٢

ڕۆژێ، ڕۆژگارێ، پادشایەک بوو، وەکوو هەموو پادشایانی جیهان خوێن خۆر. لەوەی کە ئەم پادشایە لە کوێ پادشایی کردووە، مێژوو نووسەکان بڕوایان یەک ناگرێتەوە. ئەگونجێ، ئەو وڵاتێکی پان و بەرینی لە ژێر دەسا بووبێ وە یا ئەگونجێ، هەموو پادشایانی جۆربەجۆری ئەم سەرزەوینە وەکوو یەک، خوێن خۆر و خوێن مژ بووبێتن. ئەم پادشایە، بە هەزاران ناو، ناوبانگی دەرکردووە. ئێمە لە نێو ئەم ناوانەدا بە بارامشا ئەی ناسین.

لە هەزاران پەیکەرەی بارامشا، کە لەسەردەمی ئەودا لە سەر بەرد هەلکەنراوە، تەنیا چاوەکانی ماونەتەوە، چاوانێ وەکوو تاریکایی شەو، بەڵام لە پێوارەوە، سووری سووری، سوور وەکوو خوێن. چاوانی هێشتا هەر زیندوو دێنە پێش چاو و ئەیانەوێ دیسان چاویان لە کاول بوون بێ و خوێن ڕشتن، خوێنی بەستەزمانان و هەژاران. پتو پیرێژن لە سەر ئەو بڕوایەن کە تا ئەوکاتەی خوێنی سووری سووری بێ گونایان ئەڕێژرێ، چاوانی پەیکەرەکەی بارامشا هەر زیتەی دێ.


لە تەنشتی نەقشی چاوەکانی بارامشاوە وێنەیەک بەجێ ماوە کە دەستی هەزاران کەس پیشان ئەدا کە یەکتریان توند گرتووە و وەکوو تەنافێ دەچن کە لە هەزاران هەودا بەدی هاتبێ. چاوەکانی بارامشا قەت سەیری ئەو دەستانە ناکەن.


پەیکەرەکانی خاوەنی ئەو دەستانەش کاڵ بوونەتەوە. تەنیا دەستەکان بەجێ ماون، دەستی مناڵان و دەستی شقار تێ کەوتووی پیرێژنان، دەستی پەترۆ بەستوو، دەستێ کە ستەم و بێدادی شا داخی کردوون. چاوەکانی بارامشا قەت نانوارنە ئەم دەستانە.

شاعێرانێ هەن، بیر و باوڕیان وایە، نەخشی ئەم دەستانە ڕۆژبەڕۆژ لە زیاد بوون دان وە گرێ دەسەکانیش تونگ تر دەبن، ئەڵێن تا ئەوکاتەی کە هەژاران لەگەڵ زۆرداران لە شەڕ دان، ئەم دەستانەش زیاتر دەبن.

ڕۆژێ ڕۆژگارێ، چاوانی بێ بەزەیی بارامشا زیندوو بوون و لە نێو دەم و چاوێکدا زەق زەق تەماشایان ئەکرد کە چۆن نەقاشان، پەیکەرەی ئەو لەسەر بەردەکان دەکێشن. بارامشا ئەیویست کە لە هەموو جێگایەکدا بێ، تا چاوی لە جیهان بێ.

بەم بۆنەوە، لە سەر دیواری شارەکان و دێ یەکاندا، لە هەموو جێگایەکدا، وێنەیەکی بارامشا هەڵ کەنرابوو. خەڵکی بە ترسەوە لە تەنشتی ئەم نەقشانەوە تێ ئەپەڕین و ئاگایان لە دەمی خۆیانەوە بوو کە لەو جێگایە ورتەیەکیان لەدەم دەرنەچێ.





ئەگەر قسەشیان بکردایێ، ئەوەندە بە ئەسپایی بوو خوشیان بەئەستەم دەیان بیست.
بارامشا لە وڵاتی خۆی دا هەموو شتێکی بە هی خۆی دەزانی : با، باران، سێبەری داران، دەمی ئاسنگەران، جریوەی مەل و مۆران و ... بە هەڵکەوت بولبولێ، لە نێزیکی خانوویەکەوە تێپەڕیبا و بیخوێندبا، یا لەو خانووەدا، دارێ سێبەری هەبا، وە ئەگەر با لەو ماڵەوە تێپەڕی کردبا، یا باران لەو ماڵە باریبا، خاوەنی خانووەکە ئەبوا سووروساتی بە بارامشا دابا. پیاوانی بارامشا لەهەموو جێگایەک دا بوون، لەهەر کوێ با هاتبا، یا باران باریبا، یا سێبەری دارێ هەبا، یان جریوەی مەلێ هاتبا، یان جوتیارێ یان پیشەوەرێ هەبا، کوتووپڕ سەروگوێلاکی سەربازانی بارامشا، شمشێر بە دەست دیاریان ئەدا و عەرابەکانیان، لە پارەی خەڵکی، کە بەزور سەندرابوو، پڕ دەکرد. لە هەموو شار و دێ دا، نان وەکوو خەو ئەهاتە پێش چاو و هەر لەو کاتەدا کۆشکەکانی بارامشا رۆژبەرۆژ لە زیاد بوون دا بوون وە سەربازەکانی بێ بەزەیی تر وە شمشێرەکانیان، بە خوێن تینووتر ئەبوون.  ئەگەر کەسێ لە سێبەرێک دا پاڵ کەوتبا و پارەشی نەبایێ، خوێنی، سێبەری دارەکەی سوور ئەکرد.
بارامشا جیهانی وەکوو پارە دەهاتە پێش چاو، کە ئەبوا بهێنرابایتە خەزانەکەیەوە. تەنانەت کاتێ شاعێرێکی دەرباری، ڕۆجیاری چواندبوو بە "سکە"، پێ ئەسپێردرا تا "سکە"ی رۆجیار بهێنێ بۆ خەزانەکەی پاشا ! جا ئەو کاتەی کە شاعێر ئەچووە بەرزترین لووتکەی کێو تا ڕۆجیار بهێنێتە خوارێ و پێی نەئەکرا، شمشێرێکیان پێ ئەدا تا لەگەڵ سەربازان، خەڵکی هەژاروبەستەزمان بڕوتێنێتەوە و هەزار سکە بداتە خەزانەی دەربار. خەڵکی قەت پێیان نەکرا، ئەو شاعێرەش لە سەربازان جوێ بکەنەوە، چوونکوو شمشێرەکان هەر یەک بوون لە تەشک و چۆنایەتی خوێن رشتنیاندا، جا فەرقیش ناکات شمشێر لە دەستی سەربازێکەوە بێ یا شاعێرێ.

بارامشا لە نێزیکی خەزانە بەرفرەوانەکانی دا، بەندیخانەی زۆری بوو. ئەوانەی کە گومانیان وەها نەبوو کە باران و سێبەری داران و کوتکی ئاسنگەران و جریوەی باڵداران هی بارامشایە، جێگایان بەندیخانە بوو. لە نێو ئەو بەندیخانانەدا کەندڕی رەش و تاریک زۆر بوو، کە کەندڕی لە بیرەوە چووان بوو. ڕۆیشتن بۆ ئەم کەندڕانە هەبوو بەڵام گەڕانەوە، نا. ئەو کەسەی لە کەندڕی لە بیرەوە چووان توند ئەکرا، لە سەرەتاوە هاوارێکی لێوە دەهات، پاشان ئەو هاوارە ئەبووە نووزەیەکی بەعاستەم دەرهاتوو، وە دواجار، بێ دەنگی و کپی.
ئەم کەندرە ڕەشانەش شمشێری بارامشا بوون، شمشێرێکی کول و پڕکینە کە بە هێواشی لەسەر پێستی لەش توندئەکرا، بە ئەسپایی لە پێست و گۆژد و دەمارەکانەوە تێدەپەڕی تا دەگەیشتە سەر ئێسک و ئەوەش بە ماوەیەکی دوور و درێژ.
لە سەر زەویی بارامشا دا، لە نێو گەلێکی بێ ئەژماری سەرباز و پیشەوەر و جوتیار و شوان دا، شوانێ هەبوو کە ناوی عەلی بوو. علی شوان هەموو رۆژێ، ڕانەکەی ئەبردە شوێنێکی دوور بۆ  لەوەڕ، بۆ ئەو جێگایە، سەربازێکی بارامشای لێی نەبووایە. عەلی شوان قەت پارەی بە بارامشا نەدابوو بەڵام لێی روون بوو رۆژێکیش دەگات کە تووشی سەربازەکانی بارامشا بێ. عەلی شوان بە هەمووانی دەووت: «پارەیەک کە بە ئەستەم، بەئارەقی نێوچاوان وە چنگمان دەکەوێ نابێ بدرێتە سەربازان». دەیووت : « قەت تاقە پەناباتێکیش نادەمە سەربازان، ئەگەر خوێنیشم بڕێژن». عەلی شوان بە بێ ترس و دڵەخۆرپە، لە تەنشتی نەخشی بارامشاوە تێ دەپەڕی، بێ ترس چاوی ئەبڕیە نێوچاوانی نەخشەکان وە بێ ئەوەی مچورکی پێدا بێت، ئەوی کە بەدڵی دا دەهات، ئەیهێنایە سەر زمان.
ئەیووت: « ئەم نەقشانە، نەقشێکی بێ گیانن، ئەوە سیخوڕ و خائینەکانن کە بە جێگای ئەم نەقشانە ئەبیسن، وە بەجێگای ئەوان، ئەبینن».





ورده ورده، دێ یە دوورکەوتووەکەی عەلی شوان، بوو بە وڵاتێکی تازە. خەڵکی گوندەکە، گوێ یان بۆ قسەکانی عەلی ڕادەگرت، بۆ ساتێکی کەمیش ببوایێ، دژ بە سەربازەکان ئەوەستان. ئەوان بێ وچان کاریان دەکرد وە هەموو شەوێ نەدەخەوتن تا عەلی لەدەشت بگەڕێتەوە بلوێر یان بۆ لێ بدا. هەموو شوانەکانی ئەو گوندە بەباشی بلوێریان لێ ئەدا، بەڵام کەسیان وەک عەلی، بلوێری باشی لێ نەئەدا. عەلی هەموو ژیانی دەکردە کونی بلوێرەکەی دا، لە بە دونیا هاتنیەوە تا سەردەمی لاوی، هەموو بەسەرهاتە تاڵەکەی باو باپیرانی، هەموو بەسەرهاتە تاڵ و کوێرەوەریەکانی ژیانی خۆی و هەموو بەسەرهاتە تاڵ و سوێری خەلکەکانی تریش کە بیستبووی وە هەموو قسەکانی، لە بلوێرەکەیدا بەگوێی خەڵکی دەگەیاند، قسەی خەبات و بەربەرکانێ لەگەڵ زۆرداران و ستەمکاران.

دەنگی بلوێرەکەی عەلی خەڵکی شاد ئەکرد و پەروش، ئەی هێنایە جۆش و خرۆش، و دەستیانی ئەکردە مست و سەربازەکانی پێی دەترساند. کاتێ عەلی بلوێری لێ ئەدا، وەکوو ئەوە وابوو کە شمشێری سەربازەکانت لە دەستیان ئەستاندووە. سەربازەکان شەوانە لەو گوندە دوور ئەکەوتنەوە و بەترس و دڵەخۆرپەوە ئەیانووت: دەنگی ئەم بلوێرەی عەلی شوان، نەقشەکانی بارامشا بە سەر دیوارەکانەوە کاڵ دەکاتەوە.

هەواڵ بە بارامشا گەیشت. توورە بوو، وەها قەڵس بوو کە کەس تا ئەو کاتە بارامشای وەها توورە نەدیبوو. خوێنی زۆر ڕژێنرا بەڵام بارامشا ئەهوەن نەبووەوە. ئەو عەلی شوانی ئەویست، جا سەربازی زۆر و زەبەندە کەوتنە دووی عەلی شوان، بەڵام هەرکە گوێ یان لە بلوێرەکەی ئەبوو، هەڵ ئەهاتن و تەنانەت بڕێکیشیان شێت ئەبوون، ئەیانووت: «کە دەنگی بلوێرەکە دەبیستین، شمشیرەکان بە دەستمانەوە سوور ئەبنەوە وە دەستمان ئەسووتێنن».

بارامشا دەیووت: «هەروەها کە با و باران، سێبەری داران، جریوەی بولبولان هی منن، ئەو شوانەش ئەبێ بۆ من بێ».

ئەیووت: « ئەم شوانە خۆی هیچە، هەرچی هەیە لە بلوێرەکەی دایە، بلوێرە سەحراویەکەی ».

بە گوێرەی تەگبیری گەورەپیاوانی شا، گوێی سەد سەربازیان کەڕ کرد و ناردنیان بە شوێن عەلی دا.






عەلی شوان لە بیابانێکی چۆڵ دا خەریکی بلوێرلێدان بوو، دەنگی بلوێرەکەی دڕندە کێوی یەکانی کەوی دەکرد وە گیاکانی نەرم و لە سەر خۆ دەخستە گەشە. عەلی شوان مەقامی بیابانی لێ ئەدا و سارا ش مەقامی وی، وە هەردوو بەتێکڕایی دەبوونە یەک بەستە و یەک مەقام و لەو چۆڵە، دەنگی ئەدایەوە، وەها کە سەربازە تەوەزەلەکانی بارامشا بەئەستەم عەلی شوانیان ناسیەوە.



دەردەستیان کرد و بە دیلی بردیانە لای بارامشا.

شا فەرمانی دەرکرد بلوێرەکەی بدەنە دەست گەورەترین بلوێر ژەنی دەربار. گەورەترین بلوێرژەن لە بلوێرەکەی تووڕاند، دەنگێکی ئاسایی شوانی بوو، جا بارام شا بۆی دەرکەوت، هەر چی هەیە لە هەناسەی بلوێر ژەنەکەدایە. بۆ ئەم کارەش لێ بڕا بلوێر ژەنەکە، لە پێش چاوی خەڵک، سووک بکات تا کەس گوێ بۆ ڕانەدێرێ.





بارام شا ووتی : ئەتۆ شوانە! تۆش لە پیاوانی منی، کارێکم پێت نەداوە، بەو مەرجە، هەر جار کە بلوێر لێ بدەی ئەبێ پارەیەک بدەیە خەزانەی من.

عەلی شوان ووتی "من بەندەی خودام و ئازاد. تۆ پارەیەکت لێم ناوێ، تۆ کارت بەمن نەداوە، من کارم پێتە! تا ستەمی تۆیێ، ئەم بلوێری منە، چیرۆکی ئەو ستەمە بۆ خەڵکی ئەگێڕێتەوە".


بە فەرمانی بارام شا، عەلی شوانیان خستە کەندرێکی ڕەش و تاریکەوە و بلوێرەکەشیان دایە بلوێرژەنی دەربار. دێ عەلی شوان خەم و پەژارە دای گرت. هەموو دێهات و شارەکانی وڵاتی وی، تووشی خەفەت بوون.

عەلی شوان لەو کەندرە ڕەشە دا، لە نێو تاریکی هاوار و دادی بەند کراوان دا، بیری لە بەربەرەکانێ ئەکردەوە. ئەیزانی ڕێگا کەی کۆتایی پێ نەهاتووە، ئەیزانی نابێ خۆی بداتە دەستی چارەنووسەوە، جا کەوتە هەوڵ و تەقالا، نیوەشەوێ پارچە زەلێکی شین بووی، لە قەدپاڵی دیواری کەندرە ڕەشەکەدا، بە دی کرد.

هێشتا گزینگی بەرەبەیان دیاری نەدابوو، دەنگی بلو ێری عەلی شوان، بەندیخانەو هەموو کەندڕە ڕەشەکا نی پڕکرد و دەنگی تەنییەوە بۆ نێو شار وچوو هەتا گەیشتە کۆشکی بارامشا .
کەندڕە ڕەشەکان ئیتر نووزەی لێوە نەدەهات. هەموو بووبوونە هاوار، هاوارێکی قورس و قۆڵ، کووچە و کۆڵان و شەقام و کۆشکی بارامشایان هێنایە لەرزە .
شار شڵەژا، پیاوان تووڕە، بە تەوژم بەرامبەر سەربازان وەستان، وە بارامشای خاوەنی با و بۆران و سێبەری داران و دەنگی بلبلان، لەترسان زراوی چوو بوو .
بارامشا دەستووری دا ئەو دەنگی بلوێرە ببڕنەوە. سەربازان پەلاماریان بردە بەر بەندیخانە و کەندڕە ڕەشەکان، وە هەموویان قەڵاچۆکردن و عەلی شوانیشیان بردەوە بۆ لای شا .
بارامشا بلۆێرەکەی لێ ئەستاند و شکاندی. شوان چاوی بڕیەنێو چاوانی شا و ووتی : « کابرا! شکاندنی ئەو زەلە هیچت بۆ ناکا. لەم جیهانە بەرفراوانە دا، زەلی زۆر ئەروێ. هەموو ژیانیشت بکەیە سەروکاری ئەوەی ئەوانە لەنێو بەری، دیسان بێ سوودە. سەرئەنجام زەلکاو ڕات ئەکێشێ و نوقمت دەکا» .

بارامشا فەرمانی دا تا لەگۆڕەپانی هەرە گەورەی شاردا، لە سەری عەلی شوان دەن و سەری بپەڕێنن. لەگۆڕەپانی گەورەی شاردا بەرانبەر بەپەیکەرەی بارامشا، جەللاد سفرەی سەربڕینی ڕا خست. ژنان و پیاوان بەتووڕەییەوە ئەیان نواڕی بۆ عەلی و جەللاد، وەئەش گونجێ، بۆ پەیکەرەی بارامشا .
سیحری دەنگی عەلی شوان، ئێستەهاتبووە نۆاڕینی، سەیری هەرکەسی ئەکرد، ئاڵو گۆڕێکی تێدا بەدی ئەهێنا، بۆیەچاویان هەڵ کۆڵیەوە. سیحری بلوێرەکەچووەنێو وتەکانی، زمانیان بڕیەوە، سیحرەکە چووە نێو جووڵەی ئەندامەکانی لەشیی، بۆیەدەس و پێ یان بڕیەوە، دوا جار سەریان لەلەشی جیا کردەوە و هەموو خو ێنەکەیان کردە کۆپەیەکەوە تا وەکوو بارامشا بیخواتەوە .

تەنیا دڵۆپێ لەخوێنەکەی کەوتەسەر خاک .





خەڵکی کەوتنە شین و شەپۆڕ، بای زەلان، هەورە ڕەشەکانی هێنایە جووڵە و بەری ئاسمانی وڵاتی بارامشایان تەنییەوە و هۆن هۆن فرمێسیکان ڕشت. بولبولان دەستیان بە ناڵین کرد. سێبەرە خویناوییەکان، چپەو سرتەی پیاوەکانیان لەخۆیانا تۆمار کرد. تەنیا کۆشکی بارامشا پڕ لەتروسکە بوو. مەشخەڵەکان تا بەیانی نەکوژرانەوەو بلوێرژەنە دەس ڕەنگینەکەی دەربار، تا بەیانی، بلوێرەکەی عەلی شوانی لێ ئەدا و شایش خوێنی عەلی شوانی لەپیالەیەکی شەراب کردبوو ئەی خواردەوە.

بارامشا پلەزیقانی بوو و جیهانی بەئاواتی خۆی دەدی. بەڵام لەنێو جەرگی شەو دا، لەبا وەشی تاریکی دا، لەگۆڕەپانی شار دا، کەتەنیا پەیکەرەی بارامشا بەئەستەم وەبەر چاو ئەکەوت، شین بوونێ لەگۆڕی دا بوو کەتەنیا شەو هەستی بەوەدەکرد.
هەر کەتریفەی مانگەشەو گۆڕەپانی روون کردەوە، بەرانبەربەچاوانی بارامشا، لەجیگای دڵۆپەخوێنەکەی عەلی دا، زەلێ بنجی کردبوو وە لەهەڵ چوون دا بوو. پاش ئەوەی بارامشا لەخواردنەوە و رابواردن بوەوە، خەوی لێ کەوت. پیاوێکی هەژاری ستەم لێ کراو، لەیەکێ لەزنجەکانی شارەوە وە دەرکەوت و بەرەو گۆڕەپانی گەورەی شار ملی رێگای گرت. هێشتا هەتاو هەڵ نەهاتبوو چاوی بەو بنجە زەلە شین بووە کەوت. دا نیشت وە لەبنجەوە بڕی. کەسەیری پێستی زەلەکەی کرد، سەری سووڕ ما. چوونکوو لەپێستی دەستی ئادەمیزادی دەکرد.
فووی کرد بەزەلەکەدا، بەجێگای بلوێر هاوارێ هاتەبەر گۆێ، دەنگی عەلی شوان بوو:

لەو دڵۆپە خۆینە ئاڵەی جەرگە کەم
شین دەبێ بلوێرێ ئاخر بێ گومان

لێدە بەو بلوێرە کاکە تا دەنگم
بەرزەوە بێ تا دەگاتەکەشکەڵان

دەنگی ئەو بلوێرە ناڵەی صەد هەزار
ڕۆژ ڕەش وداماو ودیلی دەستی شان

ئەۆ دەنگەبەر پا ئەکا یەک شۆڕشێ
تێک ئەڕوخێ کۆشکی شا وخۆین خۆرەکان

عەلی شوان بەگوڕ دەی خوێند تا ئەوکا تەی، دیسانەوەدڵۆپێ خوێن، لەبلوێرەکەوە داکەوتە سەر خا کەکە. پیاوەکە لەبەر پەیکەرەی بارامشا و سەربازەکان ترسی لێ نیشت، لەحەیبەتان بلوێرەکەی لە ژێر داوێنی کراسە شڕەکەی دا شاردەوە، وە لەگۆڕەپانەکە هەڵات. هەر لەو جێگایەوە کە خوێنەکە رژا بووە سەر خاک، دیسانەوە زەلێکی تر شین بوو و هەڵ چوو. پیاوەکە چووە نێو زنجەکان دەستی کردە بلوێر لێ دان. ئەوندەی لێدا و لێدا، تا هەموو خەڵکەکەی هێنایە جووڵە. هەزاران دڵۆپی خوێن لەبلوێرەکە دا کەوتن و بوونە بنجی هەزاران زەل و دەوروبەری زنجەکان  بوونە قامیشەلانێکی بەر فراوان. لە هەرکام لەو زەلانەوە دڵۆپێکی تری خوێن داکەوت و ئەوانیش بوونە هەوێنی بەدی هاتنی هەزارها و هەزارها قامیشەڵانی تر کە هەموو وڵاتی  پان وبەرینی بارامشایان داگرت. ئەو زەلانە هەموو بوونە بلوێر و دەنگی عەلی شوانیان لێوە دەهات، کە هاواری لە جەور و ستەمی شا بوو .

هەمووی ئەو وڵاتە، بەشەو و بەرۆژ، گوێ یان لەستەم و بێدادی شا بوو. نەخشی پەیکەرەکانی بارامشا لە کاڵ بوونەوەدا بوون. سەربازەکان کە وەکوو وەی دەچوون جلی ترسیان لەبەر کردبێ، ئیتر سەیری چاوانی خەڵکیان نەدەکرد. ئەوانەش کە کەڕ کرابوون بۆ ئەوەی دەنگی بلوێرەکە نەبیسن تەنیا لە دوورەوە شمشیرەکانی خۆیان بە خەڵکی پێشان ئەدا .

دەنگی بلوێر لە دیوارەکانی کۆشکی بارامشاوە تێپەڕی و چووە ژوورەوە. بارامشا تووڕە بوو و چووە سەربانی بەرزترین بورجی قەڵاکەوە کەتا نێزیکی هەوران بەرزبوو. بەڵام لەوێش هەر دەنگی عەلی شوان بەر گوێ دەکەوت. دەنگی عەلی شوان کۆترەکانیشی لەحاڵی فڕین دا ئەهێنایە خرۆش. وەکوو ئەوە دەچوو ئەوانیش پەیامی عەلی شوان بۆ ئەم لا و ئەو لا دەبەن .

بارامشا فەر مانی دەر کرد، لەهەر  کۆڵان و شەقا مێک دا، زۆڕنا و دەهۆڵ لێ بدرێ. دەنگ خۆشەکانی هان دا بوو پیایا هەڵ بڵێن و بە دەنگی بەرز گۆرانی بڵێن، بەشکو دەنگی عەلی شوان بەگوێی کەس نەگات. بەڵام ئەو کارەش بێ سوود بوو، وە دەنگی عەلی شوان هەر مایەوە و کەس دەنگی زۆرنا و دەهۆڵ و دەنگ خوشەکانی گوێ لێ نەئەبوو. جا بارامشا لێ بڕا، هەر چی زەل لەوڵاتا هەیە، ببڕدرێ و کۆ بکریتەوە و بسووتێنرێ .






سەربازان شاڵاویان کردەسەر خەڵک و زۆریان کوشت. زۆر ماڵیان کاول کرد و تێکیان رووخاند تا زەلەکان کۆ بکەنەوە. لەئەنجام دا هەموو زەلەکانیان کۆ کردەوە. بارامشا جلی جەشنی لەبەر کرد و لە نێو یاساوڵەکان دا، لە بەر هەیوانێک دا، دا نیشت تا سەیری ئەو بەر نامەیەبکات٠ هەموو مەیدان لە زەل پڕکرا بوو، بەڵام کەس نەهاتبووە نێو مەیدان. خەڵکی بە پەرۆش دەرکەیان لەسەر خۆیان دا خستبو، بێ دەنگ کزیان کرد بوو. لەوەی دە کرد، لەو دنیا یەدا، جگەلەشا و سەربازەکانی، زیندەوەر نەماوە. ئێوارێ ئاورێکیان کردەوە و ئاوریان بەر دایە زەلەکان. زەلەکان دەسووتان و دەیان خۆیند و هاواریان دەکرد. چاوکانی پەیکەرەکانی بارا مشا سوور هەڵ گەڕا بوون. سەربازەکان، هەموو، هەڵا تن و بارا مشاش بەپەلەخۆی گەیاندە لووتکەی بەرزترین بورجی قەڵاکەوە، کەسەری لەهەوران دەسوو٠

لەگۆڕەپانی شاردا، زەلەکان دەسووتان و دەبوونە خۆڵەمێش وە لە نێو کووچە و کۆڵانی تاریک و نووتەکی شاردا، دەنگ خۆشانی نەناسراو گۆرانی یان بۆ خۆ دەووت. دەیان خوێند بارامشا چەند گەورەیە، چەن بەورەیە و چەن دەس بڵاوە. ئەیان خویند :

بارامشا خێوی هەموو جیهانە، خێوی با و باران، سێبەری داران، دەمی ئا سنگەران و جریوە و جووکەی پەلەوەرانە. لەگۆڕەپان دا زەلەکان دەسووتان و دەبوونە خۆڵەمێش وە زایڵەی عەلی شوان نزمتر و هێدی تر ئەبووەوە. گڕەکان دا ئەمرکان و بەرەو تاریکی دەرۆیشتن وەپەیکەرەی بارامشا وردەوردە لە چاوان وون بوو٠





هەر لەو کا تەدا، پیرێژنێکی تەنیا و هەژار، لەنێو هەزاران پیرێژنی داماو و تەنیای وڵاتی بارامشادا، فانوسێکی بەدەستەوە گرتبوو وە لەزنجەکەی وەدەر کەوت. پیرێژن لەدووی گرێک دا دەگەرا، چووە نێو گۆڕەپان، بۆ ئەو جێگایە کەدوا گڕی زەلەکان  لە دامرکان دا بوون. لەدوا گڕی دوایین لقی زەلەکان چلۆسکێکی هەڵ گرت و فانو سەکەی داپی سا ندەوە. ئەو زەلەش لەبڵێسەکەوت و دا مرکا. گۆڕەپان لەنێو تاریکیدا نوقم بوو. تەنیا شەوقی فانوسەکەبوو و بەس، کەشەوقێکی سەیر بوو. پیرێژن بۆی ساق نەبووەوە ئەو شەوقە چ رەنگە؟ چوونکو تا ئێستە،کەس رەنگی وەهای لەوڵاتی بارامشا دا نەدیبوو. پیرێژن، ترس و خۆشی، هەموو لەشی دا گرت، وەلەگەڵ خوێنی دا لەدەمارەکانی دا ها توو چووی ئەکرد. ئەو شەوقە دەماری پیرێژنی روون کردبووەوە، وە پیرێژن وەکوو ئاورێ، بڵێسەی سەند بوو.

پیرێژن تا گەیشتەوە زنجەکەی، ئاڵو گۆڕی بەسەر دا ها تبوو،  وە بە تەواوی گۆڕابوو. فانۆسەکەی  لەسەر سەکوێ دانا و لەسەرخۆی چوو. کاتێ چاوی کردەوە هەموو زنجەکەی، لەو تۆزقاڵە شەوقە، رووناک و پرلە ورشەی دی. ئەو شەوقە هەموو زنجەکەی وەکوو چراێ دایساند بوو.

دا نیشتووانی زنجەکانی دیکەسەریان لەو شەوقە سوورِ مابوو کە لە ماڵی پیرێژن تیشکی هاویشتبوو. ئەو خەڵکە وردە وردە لەگرد و پەرِ ی ماڵی پیرێژن دا کۆ بوونەوە و لەدەرکەیان دا. پیرێژن وا نوقمی خەیاڵاتی خۆ بوو، ئەگەر هەموو خەڵکی جیهان لە دەرکەیان دابا گوێ لێ نەدەبوو. خەڵکەکە، بۆ خۆ، چوونە ژوورەوە و چاویان بە شەوقەکە کەوت. کوتووپڕ مناڵێکی چکۆلە لە نێو حەشامەتەکە دا، وە هاوار هات و سێبەرهایەکی بەسەر دیوارەکانەوە پیشان دا. ئەو سێبەرانە، لەو شەوقە سەیرە، بەسەر دیوارەکانەوە بەدی هاتبوون ... بەڕاست ئەو سێبەرانەچی بوون؟ چی تێدا بوو کە دانیشتوانی زنجەکانی بێ دەنگ کرد، وەها کپ و بێ دەنگ کە پشکووتنی گوڵەباخێکی نێو با خچەیەکی  دوورە دەستیان دەبیست، وە دەنگی هەڵگرسانی گڕێکی تازە!؟

ئەو سێبەرانە پڕ بوون لە بارامشا. نەتەنیا وێنەی بارامشا، بەڵکو هەموو بەسەر هاتی بارامشا لەو سێبەرانە دەخوێنرایەوە. هەموو ستەمەکانی بارامشا و هی هەزاران پادشایانی خوێن خۆری تر. ئەو سێبەرانە چیرۆکیان ئەگێڕایەوە، چیرۆکی عەلی شوان و هی خەڵکی ئەو وڵاتە. سێبەرەکان لەو جێگایەدا کە دەگەیشتنە سەر کوژرانەکەی عەلی شوان سوور هەڵ دەگەران.





خەڵکەکە گەڕانەوە ژوورەکانی خۆیان، هەر کا م فانۆسێکیان هێنا و لەگڕی ئەو فانۆسە هەڵیان کرد و بەم جۆرە ئەو ئاورە هەموو وڵاتی بارامشای گرتەبەر. لەهەموو خانووەکا نی شاردا، ئەو گڕانە چیرۆکی ستەمی بارامشایان دەگێڕایەوە ．

هەواڵیان بە بارامشا دا، هەموو هونەرمەندانی دەر باریان کۆکردەوە، فەرمانیان پێ درا تا لەگۆڕەپانی هەرەگەورەی شاردا، گەو رەترین (( شا نوی سێبەر )) بهێننە کایەوە و گەورەترین چیرۆکی شانۆ، سەبارەت بەگەورەیی ئەو، بەڕیوەبەرن کەپادشایەکی گەورەیە ．

لەمەیدانی شارەکان دا، پەردەها بەرپا کرا، وە (( شانۆی سێبەریان)) بەرێوە برد. سێبەری کابرایێکی پیاو چاک و دڵاوا و بەورە. پاڵەوانی سێبەرەکان لەرواڵەتی بارامشا دا بوو و هەر کەس کەدەهاتە سەیری ئەو شانۆیە، پارەی زێڕیان پێ ئەدا. بەڵام کەس نەدەهات. تەنانەت سواڵکەرێکیش نەهات. تەنیا سەربازەکان بوون کەلەسەر فەرمانی شا دەهاتن بۆ تەماشا. لەماڵان دا، گڕو بڵێسەکان، چیرۆکیان دەگێڕایەوە. سەربازان لەتاریکی و لەتەنیایی دەترسان وە نەیان دەویرا بچن زێڕەکان بهێنن ．

سەربازانێ هەبوون کەخۆیان بەتەواوی دا پۆشیبوو وەتەنیا کونێکیان لەنێو دەستیان دا هیشتبووەوە بۆ وەرگرتنی زێڕەکان. بارامشا فەر مانی دەرکرد هەموو گڕو بڵێسەکان دا مرکێنن. سەربازەکان وەخۆ کەوتن، ماڵ بەماڵ، کەوتنە کۆ کردنەوەی چراکان و قەڵا چۆ کردنی خەڵک. گرتووخانەکان و گۆرستانەکان جێ یان لێ برا. تا چاو کاری ئەکرد گۆڕی مردوان بوو کە وەکوو گیا سەریان هەڵینابوو. سەربازەکان چراکانیان دەخستە بەندەوە و دەرکیان بەدەیان قوفڵ لەسەر دا ئەخستن. میعمارەکانی دەربار، گەلێ گرتووخانەیان کردەوە، تا هەموو گڕو بڵێسەکان لەگرتووخانە توند کران. نیوەی هەموو قوفڵەکانی وڵاتیان کۆ کردەوە و ئەو دەرکانەیان پێ دا خست ．

پارێزەرانی بەندیخانە، بە چاو قووچاوی وەستان تا هەموو گڕەکان دامرکان و بوونە خۆڵەمێش. بەفەرمانی شا، تا هەموو ئەو گڕانەدا نەمرکان، کەس مافی ئەوەی نەبوو ئاورێ هەڵکا. نە لەچیشتخانەیەکدا، وەنە لە سەرمای دەمەوە بەیانیەک دا ．

تەنانەت کۆشکی شاش نوقمی تاریکی بوو. شا لە ژوورێک دا بە دەستێکی، شمشێرێ و بەدەستێکی خنجەرێکی گرتبوو، وە تا بەیانی خەو نەچووە چاوانی. گڕو بڵێسەکان سووتان و سووتان، تا بوونە خۆڵەمێش. بەیانی یەکی زوو، سەربازەکان خۆڵەمێشەکانیان لەنێو گۆرستانێ چاڵ کرد. بەڵام پێش ئەوەی هەمووی خۆڵەمێشەکە داپۆشرێ، بایەکی توند هەڵی کرد و توسقاڵێ خۆڵەمێشی دایە پێش و بردی بەئاسماندا. بارامشا کەپێ وا بوو لەدەستی عەلی شوان رزگار بووە، فەرمانی دا کەس نابێ ناوی منالەکەی ((عەلی )) بنێ وەهەر کەس ناوی ((عەلی )) ە، ئەبێ بیگۆڕێ.

سەربازانی بارامشا دیسان کەوتنە رێ. شمشیرەکانیان لەکێلان دەرهێنا و دیسانەوە ئەرابەکانیان لە زێڕ ئاخنی. وە سەر لەنوێ باو بۆران و سێبەری داران و دەمی ئاسنگەرەران و جریوەی مەلان، بوونەوە هی بارامشا و عەلی ناویش لەوڵات نەمایەوە.

ئەو نەختە خۆڵەمێشە کە با بردبووی، تێکەڵی باقی با کانی تربوو. ئەو بایانە لەبوولێڵی رۆژێکدا، کەمنداڵانی شەش رۆژە چاوەڕێ ئەوە بوون ناو یان لێ بنرێ، چوونەنێو هەموو ماڵان.
بای سیحراوی، لەو کاتەدا کەبانگیان ئەدا بەگوی منالان دا، ناوێکیان چرپاند بەگویان دا، ئەوەیش ناوی (( عە لی شوان)) بوو. وەمنداڵان بێجگە لەو ناوە، هیچ ناوێکی تریان نەبیست.

باکان، لە هەموو کون و دەلاقەی خانووکانی وڵاتی بارامشاوە وە ژوور کەوتن، چوونە سەر جۆلانە و لانکی ((عەلی)) ناوەکان.

جۆلانە و لانکەکانیان راژاند وە دەستیان کردە لایەلایە :

دە لای لای لای گوڵی ریحان
بڵێم بۆت داستانێ خۆش
عەلی شوانی دوا رۆژان

دە لای لای لای گوڵی هێرۆ
وڵاتی ئێمەخوار و ژور
پڕە لە شیوەن و ڕۆ ڕۆ

ده لای لای لای گوڵی خۆشبۆن
لەدەستی جەوری بارامشا
هەموو دڵ پڕ لەداخ و سۆن

ده لای لای لای گوڵی هەنجیر
کەڵەمێردانی شۆڕشگێڕ
هەموو کەوتوونە نێو زنجیر

ده لای لای لای گوڵی پەرژین
شەڵاڵی خوێنی بێدادە
عەلی شوانی هۆمێدی ژین

ده لای لای لای گوڵی نەعنا
بەویستی پڕ تەوژمی گەل
دەروخێ کۆشکی بارامشا

ده لای لای لای گوڵی بادام
عەلی شوانی دوارۆژان
هومێدی ژین بنۆ ئارام

وه منالان بەو لایەلایە گەورە بوون. کاتێ ئەم هەواڵە بە بارامشا گەیشت، دەستووری دا هەموو کون و رۆچنەکانی خانووەکان بەقورِ بگیررێ. بەڵام با، لەدرزی دەرکەکانەوە، چووە ژوورە. لەنێوان هەیوان و داڵانەکان دا، کەوتە جووڵە. لەنێو پلووسک و بن میچەکان دا، کەوتە ویزەویز. تۆفانێ بەرپا بوو سەربازانی بارامشای تێک شکاند.

وردە وردە، منالان گەورە بوون، بەهەر ناوێ بانگیان بکردایە، وەڵامیان نەئەدایەوە. هەموو تێکرا بەدەنگ ئەهاتن و ئەیانووت ناوی ئێمە(( عەلی شوان ))ە. ئەو جا، ئەو چیرۆکەیان گێرِایەوە بۆ باوک و دایک و باوا و نەنکیان، کە لەبیریان چوو بووەوە. وە وێکرِا ووتیان (( ئیمەعەلی شوانین)). وەهەموو کەوتنەکۆڵان و شەقام.
هەرا بوو! هەرای عەلی شوان، نەک تەنیا دەنگێ، بەڵکو هەزاران دەنگ، وە کۆشکی پادشایان هێنایە لەرزە. دەنگی پرِ خرۆشی خەڵک تا قووڵترین سووچی کەندرِەکانیش چوو، وەتا دەروونی چۆڵی ویژدانی لەبیرەوەچووی سەربازان.

کۆڵان و شەقام پرِ بوو لە(( عەلی شوان)). هەموو توورِە، ئاڵۆز، بەمستی قوو چاوە. سەرەتا تەقەیان لێ کرا، زۆریان کوژران. بەڵام عەلی هەر دەماو نەدەبرِایەوە. گەلێ لەسەربازان، پێ یان وابوو، ئەوانە دەکوژرێن و زیندو ئەبنەوە. جا لەترسان شێت بوون و کەوتنەکیوان وە زۆریشیان هەڵاتن و هاتنەرێزی عەلی شوانەکان و بارامشا تەنیا خۆ ی مایەوەو کۆشکەکەی.

کۆشک بەمستی عەلی شوانەکان رووخا. دەرکی بەندیخانەکان شکێندرا وە لەبیرچووانیان لە بەندیخانە ئازاد کرد.
عەلی شوانەکان ، گەنجانی ئەو وولاتە و هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە بوون، وە وڵات کە لەوەپێش هی بارامشا بوو، بوو بە هی عەلی شوان. ئەوان ستەمیان لەریشە دەر هێنا. کۆشکی ستەمکارانیان روو خاند. وە لە وڵات دا زۆر نەما، ستەم نەما، بر سیەتی و هەژاری نەما. ئادەمیزاد مایەوە و ئازادی.

لەیەکێ لەرۆژەکان دا، لەگۆرِەپانی هەرەگەورەی شاردا، بۆ بارامشا پەتی سێدارە هەڵخرا. چووە سەر دار تا دەلاقەی کۆشکەکەی ببینێ. کۆشکێ کەبنەرِەتی لەزۆر و ستەم بوو وە ئێستە لە بنیات دەر هێنرا بوو، وە بە تەواوی لەبەین چوو بوو وە نەما بوو. ئەوەی ما بوویەوە، وڵاتی (( عەلی شوان)) بوو .





مه کوی راهینانی هوش و بیری منالان و، لاوان